خوداوەند بۆیە ئازار دەخوڵقێنێت، تا شاعیران بۆ نوسینی سرودەکانیان ئاتاجیان بە بابەت نەبێت" (هۆمیرۆس)

نامە بۆ کچەکەم

ڕۆمانی ئازارە قوڵەکانی تاراوگەنشین

شآخەوان سدیق

ڕەنگە کەم گەل و نەتەوە هەبن لەسەر ڕووی زەوی، چ لەسەر ئاستی گشتی و چ لەسەر ئاستی تاک هێندەی ئێمە وەک کورد، لە ئازارە سەخت و تاڵەکانی مەنفاو ئاوارەی و دورکەوتنەوە لە نیشتمان تێبگەن، بۆیە کاتێك بەرهەمێکی ئەدەبی تایبەت بەم بابەتە دەخوێنینەوە خێراترو فراوانتر لە هەر خوێنەرێکی دی لە وڵاتانی تری دونیا لێی تێدەگەین و دەست و پەنجە لەگەڵ دیربە دێڕی چیرۆکەکەو ڕوداوەکانی ناویدا نەرم دەکەین. چونکە بەدرێژای مێژوو نەوە دوای نەوە ئاوارەی و دورکەوتنەوەو هەڵهاتن لە نیشتمان بەشێك بووە لە ژیانمان، جا بۆ هەر بیانویەك بوبێت وەك تاراوگە نشینێك خۆمان وێناکردووە،هۆکاری ئەم کردارەش ئەگەر زۆرجار لەلایان نەیارەکانمانەوە بووبێت، ئەوا هەندێك جار لەلایان خۆمانەوە کراوە، وەك خێزان و حزب و حکومەتی خۆماڵی خۆمان، هەربۆیە هەندێك جار ئەم حاڵەتی تاراوگە نشینیە لامان بۆتە حەزوو ڕۆشتن و هەڵهاتن لە نیشتمان لامان بۆتە خەونێکی گەورە و چیتر (ماغوت) وتەنی" ئەوەی بە نیشتمانی بەستوینەتەوە تەنها پێڵاوەکانمان بووە" بەڵام ئەوەی جێگای داخە کە هەموو ئەم ڕووداو چیرۆکانەی جێهێشتن و دورکەوتنەوە لە نیشتمان کەتا ئێستاش بەردەوامە، نەمانتوانیوە بیانکەینە کەرەستەی ئەدەبی و لە فراوانبونی دۆزی نەتەوەی خۆماندا سودیان لێببینین، وەك ئەوەی نوسەرانی ئەفغانی (لەتیف و خالید حوسەینی و عتیق ڕەحیمی )ە لە ڕۆمانی (ڕوخسارە بەندکراوەکە و کۆلارەبازو خاك و خۆڵەمێش)دا بۆ ناساندنی دڕندەیەتی تاڵیبانەکان لە ئەفغانستان کردویانە، یان ئەوەی (مستەفا خەلیفە) لە ڕۆمانی (قەپلیك)دا دەربارەی ترسناکی زیندانەکان و شێوازی سزادانی بەندکراوان لە سوریا کردویەتی. ئەگەرچی ناکرێت لە ئەدەبیاتی خۆشماندا (دەربەندی پەپولەو گۆڕستانی چراکان)ی (شێرکۆ بیکەس) وچەند هەوڵێکی دیکە لە بەرچاو نەگرین.

ئێستا ئەوەی وا دەکات ڕۆمانی (نامە بۆ کچەکەم) ببەستینەوە بە کۆی ڕوداوەکانی مێژووی خۆمانەوە سود وەرگرتنە لە دیاردە و ئازاری تاراوگە نشینی وەك تیماو کەرەستەیەك بۆ

بەدەب كردنی مێژوو، هەروەك ئەوەی (شۆپنهاوەر) دەڵێت" چیرۆكی هەموو ژیانێك، چیرۆكی ئازارێكە "

چیرۆكی ڕۆمانەكە

ڕۆمانی (نامە بۆ كچكەم) یەكێكە لە بەرهەمە چاپكراوەكانی ناوەندی ئەندێشە، كە لە نوسینی نوسەری یۆنانی (تیۆدۆر كالیفاتیدێس) و نوسەرو وەرگێڕ(دلاوەر قەرەداغی)بە زمانێكی پاراو و جوان وەریگێراوە بۆ كوردی. كە پێشتریش هەمان وەرگێڕ ڕۆمانی (ژنێك بۆ خۆشویستنی) ئەم نوسەرەی بۆ كوردی وەرگێڕاوە .

ئەم ڕۆمانە باسكردنە لە ئازارە قوڵ و تاڵەكانی تاراوگە، كە هەمیشە مرۆڤ پەیوەست دەكەنەوە بە ڕابردویانەوەو هەمیشەش گەرانەوە بۆ نیشتمانی دایك بۆیان دەبێت خەونی گەورە. كارەكتەری سەرەكی ئەم ڕۆمانە ناوی(پابلیۆس ئۆڤیدیۆس)ە كە بە (ناسۆ)ی شاعیر ناسراوە و لە شاری ڕۆما ژیان بەسەر دەبات، دوای ئەوەی ئەم شاعیرە دەكەوێتە داوی خۆشەویستی كچێكەوەو شیعری ئاشقانە بۆ ئەو كچە دەنوسێت، قەیسەر بڕیاری دەركردنی لە ڕۆما دەدات و بەناچاری ڕوودەكاتە وڵاتی یۆنان .

پاش گرسانەوەی، (ناسۆ) لە وڵاتی یۆنانەوە دەست دەكات بە ناردنی نامە بۆ كچەكەی، كە لە ڕاستیدا كچی خۆی نیەو كچی كەسێكی ترە، بەڵام ناسۆ لەكچی خۆی زیاتر خۆشی دەوێت، ڕۆژانەو بەردەوام لە ڕێگەی ئەو كەشتیانەی كە لە ڕۆماوە ڕودەكەنە كەناراوەكانی یۆنان دەكەوێتە سۆراخكردنی ئازیزانی لە نیشتمان، بەڵام بێسود دەبێت و بەدرێژای ژیانی تەنها دوو نامەی لە نیشتمانەوە پێدەگات .

ئەم شاعیرە لە نامەیەكدا دەنوسێت" كچەكەم ئێستا كە بای خۆرئاوا هەڵی كردووە، دەبێت خۆم فێربكەم كە ئەم ژیانە بێڕوحمەم خۆش بوێ، نابێ هەرگیز گلەوگازەندە لە سەرما بكەم، گلەو گازەندە لەماڵی سارد، لەبای تەزێنەر، لە تەختەخەوی ناخۆش، لە شەرابی بەستوو، لە ڕۆشتنی ژنان و لە بێدەنگی پیاوان هەموو بەیانییەك دەبێ دەستێكم بنێمە سەر دڵم و هەست بە لێدانی بكەم، چما دڵێك لەماوەی ژیاندا چەند جار لێدەدا؟ ئەوە لە یادەوەریمدا هەڵبگرم و بزانم كە هێندەی ژمارەی ئەو لێدانانە پاساو بۆ بەختەوەری هەن."

نوسەر لەم ڕۆمانەدا تەنها نایەوێت خوێنەر لە بەردەم پرسیاری مەنفادا ڕابگرێت، بەڵكو قوڵتر لە تەنهای مرۆڤ لە نیشتمان دەڕوات و پرسی مەنفای ڕۆحی و تاراوگەنشینی ناخی مرۆڤ دەكاتە پرسێكی جدیترو پێی وایە كێشەی ئینسان لە مەنفاكانی ناو ڕۆحی خۆیەوە سەرەتا دەستپێدەكەن و دواتر بۆ بەشەكانی تری ژیان دەگوازرێنەوە، وەك ئەوەی لە نامەیەكی تردا دەنوسێت" مەنفا تەنها ئەوەنییە كە بنیادەم لە وڵاتەكەی خۆی وەدەر دەنرێ،

بەڵكو ئەوەشە كە بنیادەم لە خودی خۆشی وەدەر دەنرێ بۆیە دەبوو هیچ كەسێك دەسەڵاتی ئەوەی بەسەر كەسی تردا نەشكایە "

ئەوەی نوسەر لەم ڕۆمانەدا بەقوڵی كاری لەسەر دەكات بەستنەوەی خۆشەویستی ڕەگەزییە بە خۆشەویستی خاكەوە، هەڵهاتن لە نیشتمان لە پێناو عەشقدا، ئەو چارەنوسەیە كە ئەم شاعیرە ڕووبەڕوی بۆتەوە بۆیە (ناسۆ) چەند بیری خۆشەویستەكەی دەكات هێندەش هی نیشتمانەكەی، من لەكاتی خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانەدا یەكڕاست خەیاڵم بۆ قسە بەناوبانگەكەی (حەمزا توْڤ) نوسەری كتێبی (داغستانی من) چوو، كە دەڵێت" لە دونیادا دووشت شایەنی ئەوەن ململانێی گەورەیان لەسەر دروست ببێت، ئەوانیش(نیشتمانێكی خۆشەویست و ئافرەتێكی قەشەنگ) ن قەشەنگی و شۆخ و شەنگیی ئافرەت بوونی نییە، ئەگەر لەگەڵ خۆشەویستی و بەهای نیشتیماندا هاوسەنگ نەبێت" نوسەری ئەم ڕۆمانە خۆی یەكێكە لە تاراوگە نشینەكان و لە وڵاتی یۆنانی زێدی خۆی ئاوارە بووە، بۆیە لە خوێندنەوەی چیرۆكەكەیدا هەست دەكرێت كە باش ڕۆچۆتە ناو ناخی مرۆڤی ئاوارەوە، زۆر جار مرۆڤ بۆئەوەی لەشتێك تێبگات پێی خۆشە خۆی ئەزمونی ئەو شتەبكات، وەك ئەوەی (فرۆخ) دەڵێت" بۆ ئەوەی هەست بە ڕەقێتی بەرد بكەم پێم خۆشە سەرم بشكێت" بۆیە نوسەریش لەم ڕۆمانەدا خۆی ئەزمونی هەڵهاتن لە نیشتماندەكات و وا لە خوێنەر دەكات هەمان هەستی تێدا دروستبێت، ئەو بەخوێندنەوەی چیرۆكی تاراوگەنشینی خۆی ئازارەكانی مەنفا دەگوازێتەوە. وەك ئەوەی لە نامەیەكی تردا دەنوسێت" كچەكەم لێرە لەم بەشە چۆڵو هۆڵەی دونیادا كە منی لێم، زەمەن ناڕوا، ڕۆژدوای ڕۆژ، لە جێگەی خۆیدا ڕەواح دەكا، لێرە ناتوانم هیچم لە بیر بچێتەوە، لێرە هیچ برینێك سارێژ نابێ، تاقە كارێك كە دەتوانم بیكەم ئەوەیە، شتەكان وەیادی خۆم بهێنمەوە، ئەو زەمەنە چیی دی بونی نییە كە تێدەپەڕێ، بەڵكو تەنها ئەو زەمەنە هەیە كە تێپەڕیوە."

بەم شێوەیە چیرۆكی غەمگینی ئەم شاعیرە عاشقە لە تاراوگە بەردەوام دەبێت، تا لە كۆتایداو پاشمانەوەی (ناسۆ)لە مانفا و وڵاتی غەریبدا بۆ ماوەی زیاتر لە هەشت ساڵ سەرەنجام بەخەمی دوری لە نیشتمان و مەعشوقەكەی سەردەنێتەوەو بۆیەكجاری كۆچی دوای دەكات.

تەكنیك و زمان وەك دوانەی بەهێزی ڕۆمانەكە:

یەكێك لە خاڵە بەهێزەكانی ئەم ڕۆمانە كە هەر لە سەرەتاوە وا دەكات خوێنەر لەگەڵ خۆیدا بهێڵتەوە و نەتوانێت واز لە خوێندنەوەی بهێنێت، بوونی ئەو زمانە پاراو شیعریەیەتی كە زۆر شاعیرانە گەمە بە وشەو ڕستەكان دەكات، ئەمە جگە لەلكاندن و كوت دەربڕینی ڕستەكان بە شێوەی گرێچنی ورد، ئەمەش لە ڕێگەی بوونی ئەو تەكنیكە بەرزەی كە نوسەر بۆ ڕێكخستنی شێوازی نوسینی نامەكان بەكاری هێناوە، نوسەر

ئەگەرچی هەوڵیداوە لە ڕێگەی نوسینی نامەکانەوە چیرۆکی ژیان و نەهامەتیەکانی خۆی وەك نمونەیەك لە مرۆڤ، بۆ ڕای گشتی بخاتەڕوو، بەڵام فرە دەنگیەکی وای خوڵقاندوە کە تیمای چیرۆکەکەی فرەلایەن و فرە ڕووداو بێت. هەر ئەمەشە وای کردوە ئەم ڕۆمانە ببێتە ڕۆمانێکی سەرکەوتوو، وەك ئەوەی (بەختیار عەلی)ش دەڵێت" ڕۆمان هونەری ئامادەکردنەوە و هێنانە قسە و ناساندنی مرۆڤە بێدەنگەکانە، بۆ ئەوەی مرۆڤیش بناسیت، بیهێنیتە قسە و بیناسێنیت، پێویستیێت بە دونیابینیەکی گەورە و خۆشەویستیەکی گەورە هەیە، کە ئەو دوانەت ونکرد ناتوانیت ڕۆمانی فرەدەنگ بنوسیت"

ڕۆمانی نامەی: (نامە بۆ کچەکەم) وەك نمونە:

ڕۆمانی نامەیی یەکێکە لە شێوازە هەرە کۆنەکانی نوسینی ڕۆمان، کە هەندێك بۆچوون پێی وایە، سەرەتای نوسینی ڕۆمانی ئەوروپی بەم تەکنیکە نوسراوە، ئێستا بۆ ئەوەی لە ڕۆمانی نامەیی تێبگەین پەنا بۆ پێناسە باوەکەی (دەیڤید لاچ) دەبەین کە دەڵێت" ڕۆمانی نامەی جۆرێك لە گێڕانەوەیی یەکەم کەسییە، بەڵام خاوەنی کۆمەڵێك تایبەتمەندی دیاریکراوە، کەلە شێوەی ناسراوتری ژیاننامەیدا بەدی ناکرێت، لە کاتێکدا چیرۆکی ژیاننامەیەك بەر لە دەستپێکردنی بۆ گێڕەرەوە ناسراوە" ئەم جۆرە لە نوسین لە ناو ئەدەبی دونیادا ناسراوەو چەندین ڕۆمان بەم شێوازە نوسراون لەوانە (هەژارانی دۆستۆیڤسکی و ڕۆمانە نامەیەکانی پامیلاو کلارسیای سامۆئیل ریچارسۆن) لە ئەدەبی کوردیشدا چەند نمونەیەك بەدی دەکرێت لەوانە ڕۆمانی(نامەکانی فێرنادۆی ئەژین عەبدوالخالق و نازیلای یاسین بانی خێڵانی) کە بێگومان ڕۆمانی تریش هەن. بێگومان ئەم شێوازە لە نوسین بە ڕێگایەکی گرنگی گێڕانەوە دادەنرێت کە نوسەر لە ڕێگەی گێڕانەوەی خودیەوە تەواوی چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە، بۆیە خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەی ئەم جۆرە ڕۆمانانەدا تەنها لە زاری کەسی نامە نوسەوە ئاگاداری تەواوی ڕوداوەکان دەبێت کە زۆرجار ئەو کەسە بە ڕاوی هەموو شتزان ناو دەبرێت.

دواسەرنج لەسەر ڕۆمانەکە:

ڕۆمانی (نامە بۆ کچەکەم) یەکێکە لەو ڕۆمانە گرنگ و پرچێژانەی کە لەماوەی ڕابردوودا خوێندمەوە، کە نوسەر بەسەلیقەیەکی وردو لە ڕێگەی هونەری گێڕانەوەوە و لە دوتوێی چەند سەد لاپەڕەیەکدا دەمانخاتە بەردەم چەند پرسێکی جدی وەك (عەشق و خۆشەویستی خاك و شیعرو مەنفاوە) نوسەری ئەم ڕۆمانە قسەیەکی بۆ گێڕانەوە هەیە، "قسەیەك وەك دەڵێن لە دڵەوە بۆ دڵانە" هەر ئەمەش لە مرۆڤەکانی تر جیای دەکاتەوە، (عەتا محەمەد) پێی وایە" مێژووی مرۆڤ لەوکاتەوە دەستپێدەکات کە توانی بەسەرهاتێك بگێڕێتەوە، هەر ئەمەش وای کرد لە جیهانی ئاژەڵان دایبڕێت" ئەم ڕۆمانە وەك زۆرێك لە نوسراوەکانی دیکە بێکێشە نیەو لە زۆر شوێندا درێژ دادڕی لە شێوازی گێڕانەوەکەیدا

کراوە، کە بەلابردنی چەند بەشێك هیچ لە ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە ناگۆڕێت. بەڵام بەگشتی ئەم ڕۆمانە شیاوی خوێندنەوەیە، بەتایبەت بۆ کەسانێك کە خۆیان مرۆڤی تاراوگە نشینن، یان ئەزمونی مەنفایان کردووە. (ناسۆ) لەنامەیەکی دیکەدا بەحەسرەتەوە دەنوسێت" بەبێدەنگی بەڵێن بەخۆم دەدەم، بەهێزبم و هەرچی لە توانامدا هەبێت بیکەم، تا ڕۆژێك لە ڕۆژان بگەڕێمەوە بۆ ئەو شوێنەی کە نیشتمانی منە، جا ئەگەر نەشتوانم تیایدا بژیم ئەوا لانی کەم، بتوانم لێی بمرم". لەدواجاردا جێگەی خۆیەتی سوپاسی وەرگێڕی بەتوانا(دلاوەر قەرەداغی) بکەین بۆ وەرگێڕانی دووبەرهەمی ناوازەی ئەم نوسەرە بە زمانێکی جوان وپاراو و ناساندنی بە دونیای ئەدەبی و کتێبخانەی کوردی.

بۆ ئەم نوسینە سودم لەم کتێبانە وەرگرتووە.

بەرەو ڕۆمانی کوردی_ ئارام سدیق_ نوسین

کیمیاگەری ووشە_ یاسین عومەر_ وەرگێڕان

وەك باڵندەی ناو جەنگەڵە ترسناکەکان_بەختیار عەلی_دیداری ئەدەبی